# پارتی بە وەفا ترین حزبی سەردەم..!!

1

مستەفای حەسەنە گەورە
msto123@hotmail.com



هەرچەندە لە سیاسەتدا دۆستایەتی نیە ، بەڵکوو بەرژەوەندی لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە. بەڵام لای حزبێکی وەک پارتی کە حزبی بنەماڵەیە، دۆستایەتی و خزمایەتی لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە بەتایبەتی دۆستایەتی جاش و سیخوڕو ئەنفالچیان.

لەچاو پێکەوتنێکی محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لەگەڵ هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە 238 ڕۆژی 18.7.2007، لەوەڵامی پرسیارێک لەسەر تەسلیم نەکردنی کۆنە جاشی تاوانبار عەباسی بایز بە دادگا، کاک محەمەد ئاوا دەڵێ..ئێمە بەرگری لەکەسێک ناکەین کەتاوانبار بێت، بەڵام ئەوەش هەیە کابرایەک لەکاتی ناخۆشی و تەنگانەدا زۆرکاری بۆ پارتی و یەکیەتی کردوە ئەدەبیەن و مەعقوڵ نیە شتی ناشیرین وناموعقولی لەبەرامبەر بکرێ...!!!

دیارە ئێستاش عەباس بایز تاوانبار نیە ، لە ڕوانگەی پارتیەوە چونکە ، تاکە قوربانیەکیش لەوانی دەستی عەباس نەک هەر هەواداری پارتی نەبوون بەڵکوو پێشمەرگەو لایەنگری لایەنێکی دژ بە پارتی بوون، یان خەڵکی سڤیل و بێ ئاگا لەدنیای سیاسەت، یان بار هەڵگرێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لەگەرمەی شەڕی عێراق و ئێراندا بۆ پەیداکردنی چەند دینارێ بۆ بژێوی خێزانە دەست تەنگەکانیان. پارتی دیارە خۆی بە قەرزداری کۆنە جاش و ئەنفالچیان ئەزانێ نەک کەسوو کاری قوربانیان.نەک جەماوەری ڕاپەڕیووی بەهاری 1991 ، ئەگەر ئەم ڕاپەڕینە نەبوایە، ئەبوایە پارتی و عەباسەکانی لەکەرەجیش واوە تر چووبان.

قسەو باس لەسەر قسەکانی کاک محەمەد زۆرە بەڵام ئەوەی جێی باسە، ئەگەر پارتی خۆی بە قەرزداری عەباس بایز ئەزانێت ، کەگوایە پارتی لەتەنگانەدا بووەو کۆنە جاشێک یارمەتی داوە، ئەوا ئەو قسەیە کەسێک بە دینارێکی بریمەریش لێی ناکڕێ ، چونکە پارتی لە هەشتاکانا نەک هەر لە تەنگانەدا نە بووە بەڵکوو، هەر ووجودیشی نە بووە، لەسەر گۆڕەپانی خەباتی بەرەنگار بوونەووەی بەعس، بەڵام ئەوەی پارتی خۆی بەقەرزداری عەباس و قاسم و تەحسین و ...هتد ئەزانێ ، لەرێگای ئەو کەڵەپیاوانەی نۆکەری بەعسەوە نەیارەکانی خۆیان لە حزبە کوردستانیەکانی تر پێ لەناو ئەبرد، تەنانەت بە حزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتیشەوە. باشترین نموونەش تیرۆر کردنی قادر لاجانی لە سەنگەسەرو سەید ڕەسوولی بابی گەورە لە سلێمانی پێشمەرگەو کادیری کۆنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عەباس بایز بە تیرۆر کردنی ئەو دوو ناوبراوە بە بەردێک دوو نیشانی شکاند ، هەم دڵی کاک مەسعودی شاد کرد، کەگوایە ئەم دوو کەسە دەستیان هەبووە لە دەرهێنانەوی تەرمی بارزانی، ئەم سیناریەوی پارتی هەوڵ ئەدەم لە وتارێکی ترما بێمە سەری کەڕوون کردنەوەی زیاتری ئەوێت، هەم سەدان هەزار تمەنی لە جمهوری ئیسلامی ئێران وەرگرت، بەوەی کە دوو نەیاری ڕژێمی ئێرانی لەناو بردوە.

2

## پارتی و هەوڵی دیپلۆماسی...!!

لەکاتی گەڕانەوەم بۆ کوردستان بەمەبەستی تۆمارکردنی داوای یاسایی و هەڵخڕاندنی کەسوو کاری قوربانیانی تری دەستی عەباس بایز، دۆست و هاوڕێی دانمارکی جیمی یەنسن هەر لە بنکەی پۆلیسی سەنگەسەرو دادگای قەڵادزێ و..هتد لەگەڵما بوو، پاشان خۆی پێسنیاری کرد کەلەپاڵ هەوڵە یاسایی و ڕگەیاندنەکەدا ئەویش لەڕێگای خۆیەوە ، کە سەرۆکی هەرێم ئەناسێت و چەند جارێک سەردانی کردووە، بەڵکوو داوای لێ بکات کە

عەباس بایز ڕادەستی دادگا بکرێ، من لەلایەن خۆمەوە قەناعەتم وانەبوو سەرۆکی هەرێم بێتە ژێر باری ئەوەی هەروا بەسووک و ئاسانی عەباس بداتە دەستی یاسا، لەلایەکیشەوە ئەمووت ڕەنگە سەرۆک شەرم لەخۆی بکات لەبەردەم پیاوێکی بیانی ، کە سەرۆک خۆی دالْدەرو پشت و پەنای کۆنە جاشێکە، بەهەرحالْ ، جیمی یەنسن بەرەو بارەگای مەکتەبی سیاسی بەڕێ کەوەت ، منیش لەهای خۆمەوە کار ئاسانیم بۆ کرد کە بگاتە لای دیوانی سەرۆک، کەبەڕیز فوئاد حسێنە. خۆشبەختانە جیمی پێشتر کاک فوئاد ئەناسێوو، پاش چاک و چۆنیەکی گەرم ، جیمی داوای بینینی سەرۆک ئەکات، ئەویش جەنابی سەرۆ زۆر مەژغولْە بەلاْم هەفتەی داهاتوو هەولْ ئەدەم بیبینی. هەفیەک لەسلێمانی چاوەڕێمان کرد، خۆشم لەگەلْ کاک فۆئادا قسەم کرد بەبێ ئەوەی بزانێ من کێم، دوای دە ڕۆژێک کاک فوئاد ناردی بەدوای جیمی دا، پێی ووتبوو تاپێم نەلْێی بۆچی ئەتەوێ سەرۆک ببینی نایوانم یارمەتیت بدەم بۆ بینینی، ئەویش بەناچار پێی ئەلْێ من لەدانمارکەوە هاتووم بۆ ئەوەی داوا لەسەرۆکی هەرێم بکەم بەلْکوو ئەمر بفەرموێ عەباس بایز ڕادەستی دادگا بکات، چوونکە هەموو جارێ ئەم کۆنە جاشە ئەلْێ ئەبێ سەرۆک ئەمر بفەرموێ تا ئەو ئامادەی دادگا بێ، سەرەتا کاک فوئاد ووتبووی من ئاگام لە باسە هەرنیە. جیمییش ئەلْێ چۆن ئاگات لی نیە لە میدیاکنی کوردستانە و ڕۆژنامەکان و تەنانەت ، لەڕۆژ تی ڤی بەرنامەی لەسەر پێشکەش کراوە، ئینجا ناچار ئەلْێ تۆ یەک ڕۆژنامە یان چاوپێکەوتنێکی عەباس بایزم بۆ بهێنە کە ووتوبیتی تا سەرۆکی هەرێم نەلْێ من ئامادەی دادگا نابم. من لەسەر دەستی تۆ هەرخۆم تەسلیمی دادگای ئەکەم، ئەوە بوو بە پێی تەلەفۆنی کاک فوئاد لەگەلْ لقی چواری پارتی لەسلێمانی ، هەموو ئەو بەلْگەو چاوپێکەوتنانەی عەباس بایزما تەسلیم بە لقی چوار کرد.ئێستاشی لەگەلْ دابێ ، نە کاک فوئاد دەنگی هەبوو نە عەباسیش ئامادەی دادگا بوو..!! منیش هەر ئەوەندەم لەدەست دێ بلْێم کاک فوئاد تۆش عەباس بایزت باش...!!

ئەو قسەو باسەم درێژەی ئەبیت....؟؟!!